نەردەی تایبەتی ئەمریکا جەخت لەسەر بەهێزکردنی هاوکاری ستراتیژی لەگەڵ عێراق دەکاتەوە

مارك ساڤایا نەردەی تایبەتی سەرکی ئەمریکا لەگەڵ عێراق ئەمڕۆ یەکشەممە، لەگەڵ یەکەم لێدوانیدا دوای وەرگرتنی پۆستەکەی پابەندبونی تەواوی خۆی بۆ پتەوکردنی هاوبەشی نێوان بەغدا و واشنتن دوپاتکردەوە.

لەگەڵ وەڵامی پەیامەکەی سەرکی ئەمریکا سەبارەت بە دەستنیشانکردنی وەك نەردەی تایبەتی لەگەڵ عێراق، مارك ساڤایا ڕایگەیاند، "هەست بە گەورەیی و شەرەفمەندییەکی زۆر دەکەم و سوپاسگوزاری بۆ سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەردەبڕم کەگەڵ منی وەك نەردەی تایبەت بۆ کێماری عێراق دەستنیشانکرد".

ئاماژەی بەوەشکرد، "پابەندم بە بەهێزکردنی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و عێراق لەژێر سەرکردایەتی و ڕێنمایی سەرۆك ترمپ"، سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرکی ئەمریکا دەربڕی.

ئەمڕۆ دۆناڵد ترەمپ سەرکی ئەمریکا ئەمڕۆ یەکشەممە، مارك ساڤایای وەك نەردەی تایبەت لەگەڵ عێراق دەستنیشان کرد.